# سیاسەتی دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران مەحکومەو دەبێت ریسوابکرێت !

دەوڵەتی بەریتانیا لەدرێژەی هەوڵەکانی بۆ بەرتەسك کردنەوەی مافی پەنابەری لەبەریتانیا، ماوەیەکە لەدرێژەی سیاسەتەکانی بەرامبەر بە پەنابەرانی عیراقی دەستی داوەتە گرتن و لێ سەندنەوەی تەواوی خزمەتگوزاریەکان لە پەنابەرانی عیراقی بەتایبەتی ئەو پەنابەرانەی وەلامی ڕەفزیان وەیان کەیسەکانییان لەلایەن هۆم ئۆفیسەوە داخراوە . ئەم سیاسەتە ژیانی زیاتر لە7 هەزار پەنابەری عیراقی خستۆتە بەردەم مەترسی دیپۆرت کردنەوە . وەبەپێ سەرچاوەیەکی هەواڵ 33 پەنابەری کوردی عیراقی ڕەوانەی هەولێر کراوەتەوە، ئەمە جگە لە ڕاگرتنی کەیسی پەنابەرانی عیراقی لە بێ وەلامی یان برینی سوشیاڵ و دەرکردن لەشۆینی حەوانەوە نەبوونی هەقی کارو خوێندن و دانی رەفزی بەلێشاو بە پەنابەرانی عیراقی . ئەم بارودۆخە ترس و دڵەراوەکێیەکی گەورەی لەنیو پەنابەراندا دروست کردوەو دەبیت کۆتای پێ بهینریت !

بریاری گیرانەوەی پەنابەرانی عیراقی سیاسەتێکی نائینسانی وپیچەوانەی یاسا نیو دەولەتی یەکانە لە بارەی مافی پەنابەریەوە، بەتایبەت ژیرخستنی بریارنامەی جینیفی 1951 وهەقی مافی نیشتەجێ بوون ، کە تەنها بە ڕێکخراوبوونی پەنابەران و پشتیوانی خەڵکی پێشرەو ئازادی خوازی بەریتانیا دەتوانرێ پوچەڵ بکریتەوە .

بیانووی دەولەتی بەریتانیا ئەوەیە گوایە پرۆسەی (رزگاربوونی عیراق)) تەواو بووە، عیراقیەکان دەتوانن لەپرۆژەی ( بنیاتنانەوەی عیراق) دا بەشداری بکەن ، هەروەها ((کوردستان ئامنە))،...ئەمە لەکاتێکدایە ڕاستی یەکانی هەر ڕۆژەی عیراق لەسەر ئەمنێت و ئاسایش هەزار جار پێچەوانەی ئەو ادعایە بێ بناغانەیە کە کاربەدەستانی دەولەتی بەریتانیا بانگەشەی بۆ دەکەن ، تیرۆر و کوشتن تەقاندنەوە وملیتاریزم وئینسان دزین و سەربرین و بێ دەولەتی و بێ نەزمی و بێ قانوونی و بێمافی، ژیانی 25 ملیۆن لەخەڵکی عیراق داگرتووە، لەژیر سایەی داگیرکاری و شەڕی تیرۆریستاندا کە ئەمریکاو بەریتانیا لەلایەك و ئیسلامی سیاسی لەلایەکی تر خولڤاندوویانە، ئیستاش سیناریووکی یان بۆ فەرزکردنی دەسەلات و دەستوور و یاسایەکی کۆنەپەرستانەی قەومی و دینی بەرێ خستووە کە دەولەتی بەریتانیا پشتیوانی ڕاستەوخۆ دەکات لەدامەزراندنی دەولەتێکی ئیسلامی و دابەش کردنی دانیشتوانەکەی بەسەر قەوم ودین وزمان تایفە، کە ئایندەیەی عیراق و کوردستان دەخاتە بەردەم شەڕی ئەهلی، سەرباری ئەمە لەژێر سایەی دەولەتێکی ئیسلامی دا تەواوی مافەمەدەنی و کۆمەلایەتی کانی خەڵکی عیراق لەگۆڕ دەنێ . جارێکی تر دیاردەی رووهێنانی خەڵکی عیراق و کوردستان بۆ دەرەوە نەتیجەی ئەو سیاسەتانەی لەعیراق دا پێش دەبرێ زیاتر دەبێ ، دەولەتی بەریتانیا بەرپرسیاریتی گەرەیەی لەئەستۆیە باجی ئەو سیاسەتەی بدات لەعیراقدا و وەمافی پەنابەری بۆ پەنابەرانی کوردو عیراقی بەرەسمی بناسێت .

## پەنابەران ،خەڵکی ئازادی خواز!

ژیان و چارەنووس و ئایندەی ئێوە کراوەتە کارتێکی سیاسی لەلایەن دەولەتی بەریتانیاو ئەحزابی دەسەلاتدار لەعیراق وکوردستان دا، بەرامبەر بەم سیاسەتە پێویستە هیزو توانای یەکگرتووی و ڕێکخراوەی خۆمان بهێنینە مەیدان ، ناوەندەکانی شار پربکەین لە دەربرینی نارەزایەتی و کۆرو کۆبوونەوە وسازدانی خۆپشاندان و پیکیتی نارەزایەتی ، تۆمارکۆکردنەوە وە ڕووکردنە ڕێکخراوە ئینسانی و یەکیتی کرێکاریەکان و خەڵکی ئازادیخوازی بەریتانیا ئەوانەی دەورەی شەڕ لەپاڵماندا دژ بە شەڕ ڕاوەستانەوە .

ئێوە مافی خۆتانە لەمافی پەنابەری ومافی نیشتەجێ بوون کە سەرەتاترین مافی ئینسانە بەهرەمەند بن، مافی هەلبژاردنی شۆینی ژیان و نیشتەجێ بوون دەستکەوتیکی ریفاهی و کۆمەلایەتی خەڵکی ئازادیخوازی ئەم کۆمەڵگایەیەو جیگیر کراوە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لەریزی پێشەوەی دیفاع لەو دەستکەوتانە و دژ بە جیاکاری بێمافی یەکە کە ئەم دەولەتانە بەرێوەی دەبەن و لەسەنگەری دیفاع لەپەنابەران وخەباتیانە بۆ تێکشکاندی ئەو سیاسەتانە لەگەڵتانە، داوا لەتەواوی پەنابەران دەکەین لەپال کەمپێنی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی راوەستن بۆ بەرگرتن بەسیاسەتی گەرانەوە.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق\ڕێکخراوی بەریتانیا**

**2005 / 8 / 24**

www.wpiraq.net